سۆران عەبدوڵلا نەقشبەندی
soranmail@photo.net

5

# دیوەکانی دۆزینەوەی کادر لە هونەری فۆتۆگرافیدا

لەژمارە 4ی ئەم زنجیرە نوسینەداو لەگۆشەی فۆتۆسکۆپەوە، وابڕیار بوو بێینە سەر باسی چۆنیەتی گرتنی فۆتۆیەکی هونەریی، بەرهەدوو واتا (تەکنیکیو ستاتیکی)، فۆتۆیەك کە لانی کەم ناوی (فۆتۆگرافی) لەخۆبگرێت. کە ئەمەش دەکاتە شێوەکاری بەروناکی، بەو واتایەی هونەری فۆتۆگرافی سەرەکیترین رەگەزی دەبێتە روناکی، چەندێتی روناکی، چۆنیەتی روناکی، ئاستی روناکی، جۆری روناکی، دابەشکردنی روناکی، کە ئەمەیان لەکاتێکدا دەکرێت، ئەو کەسە لەئاستێکی پرۆفیشناڵدا کاربکات.

سەرەتاییترینو سەرەکیترین بنەما بۆ فێربوونی گرتنی فۆتۆیەکی هونەری، بەبڕوای زۆرێك لەفۆتۆگرافەرە جیهانیەکان، لەگرتنی (پۆترەیت)ەوە دەست پێدەکات. بۆیە پێویستە سەرەتای دەستکردن بەکاری فۆتۆگرافی، بیر لەوە بکەیتەوە شتێکت هەبێ کاری لەسەر بکەی، واتە (Prociger) پرەنسیپو پرۆسیجەرێك هەبێت کە وات لێبکات پابەندبیت بەو بنەما تەکنیکیو ستاتیکیانەی کە هونەری فۆتۆگرافی داوات لێدەکات. بۆیە هەوڵ دەدەین دەربارەی پۆترەیت هەندێ وردەکاری بڵێین، بەڵام رەنگە باشتر وابێت کە بەر لەهەموو ئەوانە باس لەکادر بکەین لەفۆتۆگرافیدا.


وێنەی 1

کادرو کادربەندی، بەبنەماییترین هەنگاو لەفۆتۆگرافی دەستنیشانکراوە، بەر لەوەی پێویستت بەروناکیش هەبێت بۆ بابەت یان سەبجێکتەکەت، پێویستە فۆتۆگرافەر تێبگات لەکادرو شێوازەکانیو رێگاکانی کادربەندیەکی هونەریی سەرکەوتوو.



یەکەمین شت بینەری فۆتۆ روبەرووی دەبێتەوە لەکاتی تەماشاک
دەبێت، شێوازی دابەشبوونی بابەتەکانی نێو فۆتۆیەك، واتە کادربە
شێوازی باوی فۆتۆگرافی کاری پێدەکرێت وەك بنەمای کادربەندی،

1.کادری لاکێشەی ئاسۆیی... ئەم کادرە پێکهاتەکانی ناوی پێ
ئەوکات جوڵەکانیشیان ئاسۆیی دەبێت. (وێنەی (1))

2.کادری لاکێشەی ستوونی... ئەم جۆرەی کادرە بابەتەکان تێی
شتەکانیش تێیدا ستوونی واتە سەرو خوار دەبێت، ئەم جۆرە لە
لەخاڵێکی کەم ماوەدا، زۆرترین قووڵایی تێدا نیشان بدرێت. (وێنە

3.کادری چوار گۆشە: گەر خاڵی دەستپێك ناوەندی چوارگ
ئازادانەترەو بەهەر چوار لادا گونجاو دەبێت. بەم پێیەش بینەر یە
رادەکێشرێت.

بۆ ئەوەی گۆشەنیگای دیدی فۆتۆگرافەر رابێت لەسەر دیدی
دوای زانیاری لەسەر کادر، ئەویش گۆشەنیگای دۆزینەوەی کادرە

1.گۆشەنیگای روبەروو: واتە کاتێك کامێرەکە روبەروو یان رێك
جۆرەش بابەتەکە سادەو ئاسایی دەردەکەوێت وەك خۆی کە هە

2.گۆشەنیگای بەرەوخوار: واتە کاتێك کامێراکەت لەسەرو ئاس
چاوەکان بێت، بەم جۆرەش بابەتی نێو فۆتۆکەت زەبەلاحو گەورە دەردەکەوێت.

وێنەی 2

3. ... ر ئاستی دیدەوە تەماشای بابەتی کادرەکەتی پێ
ن.

**فۆتۆکان: سۆران**



وێنەی 3